شا نۆ                                  فاروق هۆمه ر

# پارکی عاشقان

پێشکه شه ... به و لاوه ی به بێ ده نگی ژیا و به بێ ده نگی مرد .. به نه وزاد حا رس
ئه و مرۆڤه ی به نیو دڵه وه هه موو ئه م دونیا یه ی خۆشده ویست و که س
لێی تێنه گه یشت .

شوێن ...... باخێکی گشتییه ..... له نزیکه وه حه وزێک دیاره. له ده ورو پشتی حه وزه که کورسی دانیشتن هه یه . له شوێنێکی باخچه که دا په یکه رێک ده بینرێت . پشته وه ی باخچه که دیوارێکی به رزه و په نجه ره یه کی گه وره له ناوراستی دیواره که دایه .

کات ...... ده مه و ئێواره یه ... کلو کلو به فر ده بارێت ... زۆربه ی شوێنه کا ن سپی بون .
لاوێک له سه ر حه وزه که دانیشتوه . وێنه گرێکیش له و نزیکانه ده سوڕێته وه . ورده ورده به فره که زیاد ده کات تا وه کو ده بێته زریا ن .

لاوه که : ( به ره و لای وێنه گره که ده ڕوات ) ده مه وێت وێنه یه ک بگرم . وێنه یه کی قه شه نگ ..
شایه نی ئه وه بێ ڕۆژێک له ڕۆژان نیشانی ده زگیرانه که می بده م .

وێنه گره که : کوێت به د ڵه ..... شوێنێک دیاری بکه . (کامێره که ی ئاماده ده کات ) .

لاوه که : نازانم کوێ باشه ..... تۆ خۆت کوێت به دڵه  ( ده ڕوانێته باخچه که ) .

وێنه گر : ئه وه ئا ره زووی خۆته ..... تۆ وێنه ده گریت .

لاوه که : له وه ده چێ شوێنێکی شیا و لێره ده گمه ن بێ .

وێنه گر : ( خه ریکی کا مێره که یه تی ) وێنه یه کی چۆنت ده وێ  ؟.

لاوه که : ( به هێمنی ) نازانم چۆن بێت ..... ده مه وێت به که ڵکی ئه وه بێت نیشانی خا تونێکی

میهره بانی بده م . وێنه یه ک سه رنجی خانمێک ڕاکێشێت . ( وچا نێک ) به خه یالی تۆ

وێنه یه کی وا چۆن بێت با شه .

وێنه گر : ئه وه ده که وێته سه ر ئا ره زووی خا نمه که ت . ده کرێت بزانم خا نمه که ت ئا ره زووی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چۆنه ؟.

لاوه كه : ( بێزا ر) خانمێک  كه له داها تودا ده بێته ده زگیرانم چۆن بزانم ئا ره زووه كانی چۆنه ؟.

وێنه گر: (سه رسا مه ) مه به ستت ئه وه یه هێشتا ده زگیرا نت نییه ؟. (بۆ خۆی ) ئه ی خودا یه

توشی چی بووم .

لا وه كه : نه خێر ..... هێشتا ره به نم .

وێنه گر : تێنا گه م ..... تۆ باسی ده زگیرانت كرد .... ئا فره تێک هه یه خۆشت بوێ ؟.

لاوه كه : هێشتا ئا فره تێک نا نا سم ..... ده شێ  له داها توودا ئا فره تێک بناسم .

وێنه گر: ( توڕه ) تۆ ده ته وێ گا ڵته م پێ بكه یت ..... یا وه خود شێت بوویت ؟. ئه مه ئه وپه ڕی

سا ویلكه ییه بیر له ئا ره زووه كا نی كه سێک بكه یته وه كه نه زا نیت كێیه و  هیچ شتێكی

له با ره وه نه زانیت .

لاوه كه : ( هه ڵچوون ) تۆ وێنه گرێكی زۆر د ڵره قی ..... له وه ته ی ده ژیم وێنه گرێكی وه ک تۆ

دڵره قم نه بینیوه ..... ئه م  د ڵره قییه ت وام لێده كات تا هێزم تیا یه به سه رتا بقیژێنم .

وێنه گر: ( هێمن ده بێته وه ) بمبه خشه مه به ستم ئه وه نه بوو توڕه ت بكه م ..... مه به ستم ئه وه

بوو پێت بڵێم وێنه بۆ كه سێک مه گره كه هیچ شتێكی له با ره وه نه زانیت .

لاوه كه : ( به هه مان هه ڵچوونی له مه و به ره وه ) تۆ بۆ نا ته وێ وێنه یه ک به حه زی خۆم

بگرم ..... ئه م هه لوێسته ت جۆرێكه له بێزاركردنی خه ڵكی ..... تۆ به م  خۆ

هه ڵقورتاندنه ت ده ته وێ سا ردم بكه یته وه له ئا وا تێک كه ده مێكه بیری لێ ده كه مه وه .

(هه نا سه یه كی سا رد  هه ڵده كێشێ ) من وامده زا نی پیا وێكی میهره با نیت . تێنا گه م .....

له م دونیا یه دا پیاوێكی وه ک تۆ دڵره ق چۆن ده توانێت بژی ؟. به تا یبه تی له م شه وه

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناسکه دا که ده ڵێیت له که نا ر ده ریا یه کی هێمندا ڕاوه ستا وین .

وێنه گر: ( بۆ خۆی ) تووشی چی بووم ( سه رسا مه .. بۆ لا وه که ) من ده مه وێت به زووترین کا ت

کا ری خۆم ڕایی بکه م و برۆم . به ڵام تا ئیستا تێناگه م تۆ چیت ده وێت ؟.

لاوه که : ( به بێ ده نگی لێی ده ڕوانێت ..... وچانێک ) تۆ ژنت هێناوه ؟.

وێنه گر : ده ساڵ ده بێت ژنم هێناوه ..... ئیستا شه ش منالّم هه یه .

لاوه که : ژنه که ت خۆش ده وێت ؟.

وێنه گر: هه ست ده که م بۆته دایکم ..... له ڕاستیدا وه ک جاران خۆشم ناوێت .

لاوه که : ئه مه شتێکی ناخۆشه ..... له و باوڕه دا نیت به رانبه ر ژنه که ت گونا هبار بیت ؟.

وێنه گر : ڕێگه ناده م قسه ی به رز و نزمم به رانبه ر بکه یت .

لاوه که : ڕاست ده که یت هه ڵه بووم ..... به ڵام ناتوانم به رانبه ر به ناجۆرییه ک بێده نگ بم که

به رانبه ر مرۆڤه کان ده کرێن . تۆ قه ت له خۆت پرسیوه بۆچی ژنه که ت وه ک جاران

خۆش ناوێت ؟. ( وێنه گره که بێده نگه ) من پێم وا یه تۆ دوای ژیان که وتوویت .....

نه توانیوه په ی به شه پۆڵه سه ر شێته کانی ژیان به ریت . له وه ش سه ختر نییه ژیان

به جێت بهێڵێ ..... کتومت وه ک ئه وه وایه به یانییه ک هه ستیت و هه ردوو چاوت

له شوێنی خۆی نه مابن ..... زۆرن ئه و که سانه ی که ناتوانن له ناو ژیاندا به رده وامبن ...

بمبه خشه ده مه وێت لێت بپرسم تۆ تا ئیستا خۆشه ویستیت کردوه ؟.

وێنه گر: ( بێزاری پێوه دیاره ) نازانم ..... ئه ی تۆ خۆشه ویستیت کردوه ؟.

لاوه که : من تا ئێستا نه مکردوه ..... به ڵام گیانم لێوانلێوه له خۆشه ویستی ..... له ڕاستییا تا ئیستا

ڕێکه وتی ئافره تێکم نه کردوه ..... مه به ستم ئه وه یه ئافره تێک شایه نی ئه وه بێت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که پێت گوت خوشم ده وێیت ئه و هیچ نه ڵیت .. به بێده نگی لێت بڕوانێ و به چاو بدوێ..

ئه وسا ده توانم له ناو ده ریا ی خوشه ویستییا نوقمی که م . ( وێنه گره که سه رسامه )

له وه ده چێت به شێتم بزانیت ؟. وا نییه ؟.

وێنه گر: (به ترسه وه ) پێت خوشه به راستی پێت بڵێم ؟.

لاوه که: هه ڵبه ت پێم خۆشه .

وێنه گر: (به ترسه وه ) من تا ئیستا که سێکم له تۆ گه مژه تر نه دیوه .

لاوه که: بۆچی وا ده ڵێی ؟.

وێنه گر: تۆ وا له ئا فره ت ده دوێیت وه ک ئه وه ی تا ئیستا نه مدی بێت یان نه مناسی بێت .

لاوه که: پێم وایه تۆ تا ئیستا ئافره تت نه نا سیوه . ڕاسته ئا فره تێک له ما ڵه وه چا وه ڕێت ده کا ت ...

به ڵام له گه ڵ ئه وه شا نه توا نیوه ببینیت (بێده نگییه کی درێژ ) تا ئیستا وێنه یه کت بۆ

ژنه که ت گرتوه ؟.

وێنه گر: من وێنه م بۆ نه گرتوه ..... هه رگیزیش نا مه وێت وێنه ی بۆ بگرم .

لاوه که: تۆ پیاوێکی مردوویت ..... ڕۆژانه ده یان وێنه بۆ خه ڵکی ده گریت ... ئه مه کارێکی ناخۆشه .

وێنه گر: واز له م گفتوگۆ بێ تامه بهێنه ..... من کارم هه یه .. وێنه که ت ده گری یان بڕۆم ؟.

لاوه که: مه ڕۆ . وێنه یه ک ده گرم ( بیر ده کاته وه ) وێنه یه ک به خاتری ئه و . وێنه یه کی ئاوا

چۆن بێت باشه ؟. خۆزگه ئه و ئافره ته ی که له داهاتوودا ده بێته ده زگیرانم لێره بوایه تا لێی

بپرسم وێنه یه کی چۆنت بۆ بگرم ؟.

وێنه گر: ( به به زه ییه وه ده دوێ) تۆ ئافره تێکت له یاده ..... مه به ستم ئه وه یه ئافره تێکی دیاری

کراوت خۆش ده وێ ؟.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: (به دڵنياييه وه ده دوێ ) كه سم له ياد نييه . من تا ئيستا ئافره تێكم نه ناسيوه . به ڵام هه ست

به ڕۆحی ده كه م .....وه ك ئه وه ی به درێژايی ژيانم له گه ڵيا بوبێتم ... ڕۆحێكی زۆر ناسكی

هه يه . (وه ك ئه وه ی ده رباره ی ئافره تێكی دياری كراو بدوێ ) گيژۆڵه يه كی باڵا ما م

ناوه ندی .. چا ويلكه له چا و .. جوانيه ك له شوێنكيا هه يه به ڵام ته واو نازانم له كوێيدايه .

( بۆ وێنه گره كه ) به ڵێ ده بێت وێنه يه كی بۆ بگرم .. پێم خۆش نييه هه رگيز نيگه رانی

بكه م .

وێنه گر:( به دوو دڵييه وه ) له گه ڵ ئه وه شا پێم باشه وێنه كه به ئاره زوی خۆت بگريت .

لاوه كه: من نازانم تۆ بۆ ئه وه نده به رانبه ر ئافره ت دڵساردیت ..... له وه ده چێ دڵت مردبێت .

(كه مێك بێده نگی ) تۆ بير له وه بكه ره وه ڕۆژێ له ڕۆژان وێنه يه ك بۆ ئافره تێك

ده گريت ... هه موو ساته كانی ژيا نت له وێدا ڕاكشاوه . ئه مه وات لێده كات جارێكی تر

به خوشنوود ييه وه له خۆت بڕوانيت .

وێنه گر:( به خه جا ڵه تيه وه ) ئه وه ی تۆ بيری لێ ده كه يته وه زۆر گرانه ...شتێكی خه يا ڵييه ..

تا ئه و ڕاده يه خه يا ڵييه خۆشت تێنا گه يت چيت ده وێت .

لاوه كه: كه مێك ئا رام بيت ده توانيت تێم بگه يت .. من به رانبه ر وێنه يه كی ئا وا ئا ما ده م هه موو

شتێك ببه خشم . ره نگه دوا جار شانازی به وێنه كه وه بكات ....

وێنه گر: (قسه كه ی پێده بڕێت ) كێ شانازی پێوه ده كات ؟.

لاوه كه: ئه و ئافره ته ی له داهاتوودا ده بێته ده زگيرانم .... ڕه نگه نيشانی ها وڕيكانی بدات و پێيان

بڵێ ئه مه مێرده كه مه . ( به خۆشحا ڵييه وه ) ته ما شای بكه ن ... ئێوه مێردی ئا وا مه زنتان

هه يه ؟. ( به ماندوويی ) تۆ بير له وه بكه ره وه ئاره زووه كانی ده زگيرانه كه م ده بێت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چۆن بێت ؟.

وێنه گر: ( به ڕه قی ئه د وێ ) ئه وه ی تۆ داوای ده که ی مه حا ڵه ... من له کوێوه ئا ره زووه کانی که سێک بزانم که ته نیا له خه یا ڵدا بوونی هه بێت ؟.

لاوه که: ( به خه مباری ) ئه مه ڕاسته ..به ڵام تۆ وێنه گریت .. ده بێت هه موو ئه و نهێنیانه بزانیت که وێنه گرێکی سه رکه وتوو ده بێت بیزانێت ..( بیرده کاته وه ) باشه وه ک پێشبینی بکه یت ئاره زووه کانی ئافره تێک ده بێت چۆن بێت ؟.

وێنه گر: ( دوو دڵه له وه ی له گه ڵ ئه می بو یان نا ) به ڵام کاری من وێنه گرتنه ... ناتوانم پێشبینی بکه م .

لاوه که: ( به تووڕه ییه وه ) تۆ به که ڵکی ئه وه نا یه یت ته نا نه ت بللوری چرایه کیش پاک بکه یته وه ( وچانێک ) باشه ... تۆ بۆ ئه وه نه کراویت له هیچ شتێکدا هاوبه شی بکه یت . خۆم هه وڵ ده ده م ئافره تێک بهێنمه پێش چاوی خۆم و پێشبینی ئاره زووه کانی بکه م . ( ده ڕوانیته باخچه که ) با جارێک شوێنێک دیاری بکه م (ده چێته لای حه وزه که ) ئه م ئه م سه ر حه وزه چۆنه ؟.

وێنه گر: له وه ناچێت خراپ بێت .... ئاره زووی ......

لاوه که: (قسه که ی پێده بڕێت ) کێ ڕای تۆی وه رگرتوه ؟. من له گه ڵ خۆم قسه ده که م . وه ک پێشم گوتیت ئاره زووی خۆم ناوێت ... تۆ له و باوره دای ده زگیرانه که م ئاره زووی له حه وزێکی وا بێت ؟.

وێنه گر: بۆ نا ..... حه وزێکی جوانه .

لاوه که: گوتم له گه ڵ خۆم قسه ده که م ( وچانێک ) حه وزێک نه ته ڕایی تیا بێت و نه گوڵو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوڵزاریش له ده وری ڕوابێت .... نا ئه م حه وزه ڕوحی تیا نه ماوه ( له حه وزه كه ورد

ده بێته وه ) نا نا دوایی ده زگیرانه كه م پێم ده ڵێت تۆ ئه و پیا وه یت كه هه میشه له سه ر

حه وزێكی وشک دائه نیشتیت ... ئه گه ر ئه وه نده له ژیا ن بێزار بوویت بۆچی تا ئیستا

خۆت نه كوشتووه ؟. ( له شوێنی خۆی ده جوڵێ .. ده چێته لای كورسیه كانه وه ) حه وزێكی

ئه وه نده بۆگه نه ته نانه ت به كه ڵكی ئه وه نایه ت كه ته ماشاشی بكه یت ...وه ره

له گه ڵم ئه م كورسیانه ت به لاوه چۆنه ؟. (وێنه گره كه بێده نگه ) شوێنێكی خراپ نییه .

پێم وایه نزیک ئه م كورسیانه باش بێت .. ده زانم ماندووم كردوویت ... هه وڵبده له گه ڵم

ئارام بیت . ( له سه ر كورسییه ک داده نیشێت .. به جۆرێک دانیشتوه وه ک ئه وه ی بۆ وێنه

گرتن ئاماده بێت . وێنه گره كه كامێراكه ی ئاماده ده كا ت و خه ریكی گرتنی وێنه یه ک

ده بێت ) ڕاوه سته به كه ڵک نا یه ت .... ئه م كورسیانه هه موو شكا ون .. زۆر سه یره

چۆن ڕازی ده بن ئه م كورسیانه هه ر وا به شكاویی بمێننه وه ؟. تۆ بڵێیی له م وڵاته دا

كه سێک نه بێت حه ز به وه بكات له سه ر كورسی ڕێكو پێک دانیشێت ؟. ( له كورسیه كان

ورد ده بێته وه ) ته نا نه ت كورسیه كی تیا نییه به كه ڵكی دانیشتن بێت .. ڵه وه ده چێت

له شه ڕێكی خوێناوی گه وره دا ئه م كورسیانه ئا وا شكا بن .... ( وچا نێک ) پێم وا یه

به م كورسیانه زۆریان له یه كتر دا بێت . ( له قاچی كورسیه ک ورد ده بێته وه ) ئه وه

خوێن نییه به قاچی ئه و كورسییا نه وه ؟.

وێنه گر: نه خێر له وه ده چێت ژه نگ بێت ..( له كورسیه كان ورد ده بێته وه )

لاوه كه: جوان لێی ورد ببه ره وه .. بزانه خوێنه یان ژه نگه ؟.

وێنه گر: ( جوان لێی ورد ده بێته وه ) ژه نگه ( خۆی خه ریک ده كات به هه ڵوه راندنی ژه نگه كه وه)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: ته واو د ڵنياييت ؟.

وێنه گر: به ڵێ ته واو دڵنيام ..... ئه وه تا هه ڵده وه رێ .

لاوه كه: نه ده بوو ئه م كورسيانه ئا وا خوێنا ويى بن .

وێنه گر: ( به ڕقه وه ) پێم گووتى خوێن نييه ژه نگه .

لاوه كه: ئه زانم .. تۆ پێت وايه ژه نگه ..... (وچانێک ) به  هه رحاڵ  پێم خۆش نييه لاى كورسيه كى ژه نگا وييه وه وێنه بگرم . دانيشتن له سه ر كورسييه كى ژه نگاويى ڕازيى بوونه به ژيا نێكى ژه نگا ويى ..... ئه وكاته ى كه خێزانه كه م ته ما شا ى وێنه كه ده كا ت .. ڕه نگه پێى وا بێت ئه وه خوێنه .. ئه وسا پێم ده ڵێ چۆن ڕازى بووى له سه ر كورسيه كى خوێنا ويى دانيشيت ؟. ئيتروا تێده گات من به درێژايى ژيانم  حه زم  له خوێن ڕشتن بووه .. دوريش نييه وا تێ بگا ت كه هه موو جه نگه كا نى دونيا من هه ڵمگيرسا ندوون . ئه مه ش واى لێ ده كا ت هه ميشه لێم بترسێ و وا تێ بگات من به رده وام نه خشه بۆ لێدانى ده كێشم  ( وچا نێكى درێژ .. بۆ په يكه ره كه ده روانێت ) نه خێر وێنه يه كى وا نا گرم كه هه موو داها تووم به و شێوه خراپه بشێوێنێ . ( به ره و لاى په يكه ره كه  ده روات ) . ڕه نگه لاى ئه و پيا وه به ردينه وه خراپ نه بێت ... ئه و پيا وه ت به لا وه چۆنه ... هه موو گيانى به فره .. له وه ده چێ سه رماى نه بێ .

وێنه گر: هه ست ناكه يت له خۆرايى ماندووم ده كه يت .. ده له شوێنێک ڕاوه ستە ( وچا نێک  لاوه كه له په يكه ره كه ورد ده بێته وه ) من تا ئيستا كه سێكم نه ديوه وه ک تۆ وێنه بگرێت .

لاوه كه: (ته ماشاى وێنه گره كه ده كات ) ئه م پياوه چۆنه ؟.

وێنه گر: ( به ساردييه وه ) كه يفى خۆته .

لاوه كه: پێم گوتى به كه يفى ئافره تێک وێنه ده گرم .. تا بزانێت به ر له ئاشنا بوونمان من بيرم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێکردۆته وه و با یه خم  به ئاره زووه کانی داوه .

وێنه گر: (به پاڕانه وه وه ) به یارمه تیت من ده بێت بڕۆم ئه وه شه وم به سه ردا ها ت .

لاوه که: تۆ پێویسته چێژ له شه و وه ربگریت ..... شه و سیحر و جوانی خۆی هه یه ... مرۆڤ ته نیا

له شه ودا هه ست به ئازادیی خۆی ده کات . که س به روانینه کانی بێزارت ناکا ت .. چه ند

جوانه شه قامه کان چۆڵ و هۆڵ ده بن .. بێده نگ بێده نگ ..گۆیت له چرپه ی هیچ نا بێت . ئا

تۆ پێم بڵێ شه وان چۆن ده ڕۆیته وه ما ڵێ ؟.

وێنه گر: ( پێده که نێ ) چۆن ده ڕۆمه وه ؟.  وه ک ئینسان به دوو قاچ ده ڕۆمه وه .

لاوه که: مه به ستم ئه وه نییه ... مه به ستم ئه وه یه مرو مۆچ ده چیته وه ما ڵێ  وا نییه ؟. ژنه که ت

ته شتێک ئا وی گه رم ده خاته به رده مت و  هه ردوو قا چت بۆ ده شۆرێت و به خا ولییه کیش

بۆت وشک ده کاته وه ... دواتر دوو سه رین ده خه یته ژێر با ڵت و سه ر خه وێک ده شکێنیت

( وێنه گر بێده نگه ... بێزاریی به ڕوخسا رییه وه دیا ره ) ئه مه وات لێده کا ت خۆت به گه وره

بزانیت .. گه وره ییه کی وا هه موو جوانییه کا ن ده سڕێته وه ... ( وچانێک ) من هه موو

ئێواره یه ک وه ک با ڵنده یه کی شێت ده چمه وه ماڵێ ... ئه مه وام لێده کات به خته وه ر بم ..

له و کاتانه دا هه ست ده که م مه ستم .. به بێ ئه وه ی شه رابم خواردبێته وه .. من ئێواران

مروڤ نیم .. خراپ تێمه گه .. خۆم لێده بێته با ڵنده .. بۆچه ند کاتژمێرێک خۆم له بیرده چێته وه

ته واو وه ک باڵنده یه ک ڕه فتارده که م . با ڵنده یه کی مه ست .. با ڵنده یه کی عا شق به دونیا

سیحرئامێزبه فڕین و به ..  به فڕین .... ( وێنه گره که بێده نگه ) هه ندێ جار ده چمه گیانی

دره ختێکه وه و  عه شقیش له گه ڵ دره ختێک ده که م .

وێنه گر: له وه ده چێ سه ر خۆش بیت ؟.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: نا  دڵنیا به سه رخۆش نیم .

وێنه گر: هه ست ناكه م ئیستا مرۆڤ بیت .... ( وچانێک ) ته واویت  ( وچانێک .. لاوه كه ته ماشای ناكات ) ئه ترسم ئیستا بیته با ڵنده ( وچانێک ) .

لاوه كه: ده زانم په له ته .. با به خێرایی وێنه كه بگرین .. خراپ نییه له پاڵ  پیاوێكی به ردیندا وێنه بگریت ؟. وا نییه  ( بیرده كاته وه ) ئه م پیاوه ڕۆژێ له ڕۆژان زیندوو بووه ( وچانێک ) ڕابردوو ش له كاتی خۆیدا  گرفتاوی بووه .. كه چی ئیستا سه رنج ڕا كێشه .. ڕه نگه ئه م پیاوه ش له ژیا نیا  وێنه ی نه گرتبێ ..( له پاڵ په یكه ره كه دا ڕاده وه ستێ ) هه ندێ جار پێت  سه یره پیاوێک له رابردوودا ژیا بێت ..( ته ما شای وێنه گره كه ده كات .. وێنه گره كه خه ریكی ئاما ده كردنی كامێره كه یه تی ) نا په له مه كه .. بیرم كه وته وه .. من هیشتا زیندوم ره نگه خۆش نه بێت له پاڵ پیاوێكی مردوودا وێنه بگریت ( به ده وری په یكه ره كه دا ده سوڕیته وه ) پیاوێكی مردوو .. چ جوانیه ک له وه دایه له پا ڵ ته رمێكدا ڕا وه ستی ( بیر ده كاته وه ) دور نییه له داها توودا پێم بڵێ  تۆ ئه و پیا وه یت هه میشه له پا ڵ مردوویه كدا ڕاوه ستاویت . نا  نا  ئه مه سه رنجم ڕا نا كێشێت .

( له م كا ته دا خا نمێک دێته لای حه وزه كه وه ... ته ما شا یه كی لاو و وێنه گره كه ده كا ت دواتر كه مێک دوور له حه وزه كه كورسیه ک خا وێن ده كاته وه و داده نیشێت )

ئه م خانمه چی ده كات لێره ؟ ( ته ما شای ده كات )

وێنه گر: ئه م خانمه زۆربه ی شه وان دێته ئێره .. كه مێک ده مێنێته وه و دواتر ده ڕوات .. كه س نازانێت بۆ كوێ ده ڕوات .. به ڵام پێم وایه له م نزیكانه له شوێنێک ده ژی . ( ته ما شا ی دیواره به رزه كه ده كات ) وا بزانم له و ئوتێله دا نیشته جێیه .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: ڕه نگه بتوانێت له گرتنی وێنه كه دا یا رمه تیمان بدات ( ده ڕوانێت به ره و لای خانمه كه )
شه و با ش .

خانمه كه: شه و با ش .

لاوه كه: ده مه وێت وێنه یه ك بگرم  ( خانمه كه سه رسا مه )

وێنه گر: ده یه وێت وێنه یه كی سه یر بگریت .

لاوه كه: نا .. لای ئه م كا برایه سه یره ... به لای خۆمه وه زۆر ئا سا ییه .. ده مه وێت وێنه یه ك به ئاره زووی خێزانه كه م بگرم .

خانمه كه: ده زگیرانه كه ت جوانه ؟. ( لاوه كه بێده نگه )

وێنه گر: ده زگیرانی نییه . .. لاوێكی خه یا ڵییه .

خانمه كه: ( بۆ لاوه كه ) ده زگیرانت هه یه ؟.

وێنه گر: له داها توودا ده زگیرانی ده بێت .

لاوه كه: هه ر چونێك بێت من ده مه وێت به ئا ره زووی ئه و وێنه یه ك بگرم .

خانمه كه: ئا فره تێكی دیاری كراوت هه ڵبژاردووه .

لاوه كه: به هیوام به م زوانه دیاری بكه م .

خانمه كه: هه وڵبده په له بكه ی .

لاوه كه: به لای توۆه  ئاره زووه كانی ئه و ئا فره ته ده بێت چۆن بێت ؟. ( وچانێك ) بمبه خشه ئه گه ر تۆ ئه و ئا فره ته بیت حه ز ده كه یت وێنه یه كی چۆنت بۆ بگرم ( له م كا ته دا وێنه گره كه دوور ده كه وێته وه و دوا جا ر دیار نا مێنێت ) .

خانمه كه: من ئافره تێكی غه مگینم .. تا ئیستا بیرم نه كردۆته وه پیاوێكم خوش بوێت .هه میشه ده ڵێم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئه مڕۆ نا به یانی  پیا وێک هه ڵده بژێرم ... به ڵام هه ر زوو واز له و بیرکردنه وه یه
ده هێنم و بیر له وه ده که مه وه خۆم بکوژم  که چی تا ئیستا هه ر ده ژیم .

لاوه که: پێم گوناهه  تا ئه و ڕاده یه غه مگین بیت ..به تا یبه تی له شه وێکی ئاوا ناسکدا که خه ریکه هه موو دونیا به ته واوی سپی ده بێت .

خانمه که: بێزار بووم .. هه موو شه وێک باوه پیاره که م سه رخۆش ده بێت و ده که وێته لێدانمان ( ئاماژه بۆ دیواره که ده کات ) ئه و په نجه ره یه ده بینی  ئێمه له وێ ده ژین .. که مێک پێش ئیستا خه ریک بو خۆم له وێوه فڕێ بده مه خواره وه .

لاوه که: (ده ڕوانێته په نجه ره که ) پیا و گونا هه له م شه وه دا توڕه بێت .. با وه پیاره که ت گونا ه ده کا تۆی زویر کردووه .

خانمه که: باوه پیاره که م ده ما نچه ی لێده رهێنام و خه ریک بو بمکوژێ .. نازانم چۆن بو فرسه تێکم بۆ  هه ڵکه وت ڕا مکردوو  هاتمه ده رێ .

لاوه که: تا ئیستا بیرت نه کردۆته وه ماڵه وه به جێ بهێڵی  ؟.

خانمه که: من هه میشه بیرم له وه کردۆته وه .. به ڵام نا توانم ئه و کاره جێبه جێ بکه م .. چونکه زۆربه ی کاری ما ڵه که به سه ر منا که وتوه .. پا شا نیش بۆ کوێ هه ڵبێم .. من که سم نییه ئه مه ش دایکی خۆم نییه .. کاتی خۆی من له ئه نفال جێ ماوم ..ئه م ژنه له خێری خۆی منی هه ڵگرتوته وه .. دوای دوو مانگ مێرده که ی مرد .. ئیتر  هه میشه پێم ده ڵێ تۆ پێو قه یمت شوومه . ( بێده نگی ) ده زانیت ئێستا بیرم له چی ده کرده وه ؟.

لاوه که: له چی ؟.

خانمه که: منیش وێنه یه ک ده گرم ..  به ڵا م وه ک تۆ ده ڵێی جوانترین ئاره زوو بۆ من ئاره زووی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوێکه .. لاوێک میهره با ن تا له داهاتوودا وێنه که ی نیشان بده م .

لاوه که: ( به ختیاره ) وێنه گرتن ئاره زوییه کی جوانه .. که واته هه وڵبده وێنه یه ک بگریت .

خانمه که: به ڵام به ئاره زووی ئه و لاوه ی که له داها توودا خۆشم ده وێت ( ته ما شای لاوه که ده کا ت ) ئه گه ر تۆ ئه و لاوه بیت حه ز ده که ی وێنه که چۆن بێت ؟. ( وچا نێک هه ردو کیان له یه کتری ده ڕوانن ) .

لاوه که: بمبه خشه تا ئیستا بیرم له وه نه کردۆته وه ئا فره تێک ده بێت چۆن وێنه بگریت .. ئه مه گرانه بۆ من .. نازانم . .. بمبه خشه له وه ی نا توانم یارمه تیت بده م ..... ( وچانێکی درێژ )

خانمه که: نیگه ران مه به تۆش وه ک من وایت . منیش نازانم پیاوێک ده بێ چۆن وێنه بگرێت .. تا ئیستا پیاوێک نه بوه ڕوویه کی خۆشم لێبنێت ..

لاوه که: ( به به زه ییه وه ته ماشای خانمه که ده کات ) له گه ڵ ئه وه شا هه وڵ ده ده م شوێنێکت بۆ دیاری که م .

خانمه که: ( به به زه ییه وه ته ما شا ی لاوه که ده کات ) له پێشا تۆ وێنه که بگره .. هه وڵ ده ده م یارمه تیت بده م .

لاوه که: نا تۆ بیگره ... منیش دوای تۆ وێنه یه ک ده گرم . ( به شه رمه وه ) بۆ وێنه یه ک به یه که وه نه گرین ؟. (خانمه که بێده نگه ) گووتت چی با وێنه یه ک به یه که وه بگرین . ... ( وچا ن )

خانمه که: ( به شه رمه وه ) تۆ کوێت پێ باشه .

لاوه که: ( به خۆشحا ڵی ) لای ئه و حه وزه ت پێ چۆنه ؟. وێنه یه ک له سه ر حه وزێکی ئا و ( هه ردوکیان ده چنه لای حه وزه که ) به ڵام حه وزه که ئاوی تیا نییه .. ده بوو حه وزه که پڕ بوایه له ئاو ..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خانمه كه: با چاوه ڕێ بكه ين تا حه وزه كه پڕ ده بێت له ئاو .

لاوه كه: ( دا ئه نيشێت ) كه ئێوا ران له سه ر ئه م حه وزه دا ئه نيشتم هه ميشه بيرم له وه ده كرده وه

كه بۆچی ئه م حه وزه ئا وی تيا نييه ... تۆ له و با وره دا نيت ئه م حه وزه خه و به ئا وه وه

ببيننێت ؟.

خانمه كه: ڕه نگه گه ر ئا وی تێ بكه ن له خۆشيا نا بته قێ .

لاوه كه: حه وزێكی گونا هه ... به ڵام توزێكی تر پڕ ده بێت له به فر .

خانمه كه: زۆرجارله په نجه ره كه وه ئاگام لێيه منالَه وردكه ميزی تێده كه ن . ته ماشای دره خته كه ش

بكه خه ريكه وشک ده بێت .

لاوه كه: له وه ده چێ ئيستا زستان بێت .. تۆ بڵێی زستان بێت ؟.

خانمه كه: ما دام به فر ده بارێت كه واته زستا نه ... ( فو ده كات به ده ستيا ) زستان وه رزێكی خۆشه .

لاوه كه: سه رما ته ؟.

خانمه كه: تۆ بڵێی ئه مشه و ڕه ق نه بينه وه ؟.

لاوه كه: ئه گه ر ڕه قيش بينه وه  من خه مم نييه چونكه له گه ڵ تۆدام .

خانمه كه: ( ته ما شا ی دره خته كه ده كات ) له خه ڵكيم بيستوه ده ڵێن له پاييزاندا گه ڵای دره خته كا ن

ده وه رێن .. ( ده چێته لای دره خته كه وه ) به ڵام ئه م دره خته به سته زمانه هه ميشه

گه ڵاكانی وه ريون .. من تا ئيستا ئه م دره خته م  به سه وزی نه ديوه .

لاوه كه: ڕه نگه به هار ئه م دره خته ی له بير چوبێته وه .

خانمه كه: دوێنێ شه و له گه ڵ دايكما  له به ر په نجه ره كه وه ته ما شای ئه م باخچه يه مان ده كرد

( وچانێک ) دايكم بۆ يه كه مجار ئه م دره خته ی بينی .. با وڕ ده كه ی تا ئيستا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئه م دره خته ی نه بینی بوو .

لاوه كه: دره ختێكی زۆر گونا هه ... له و باوره دام هه موو دونیا ئه م دره خته ی له بیر چۆته وه .

خانمه كه: ( به ده وری دره خته كه دا ده سوڕێته وه ) كێ ده ڵێ تا ئیستا ئه م دره خته لێره بووه ؟.

لاوه كه: تۆ بڵێی ئه م شه و نه ها تبێته ئێره ... ئه گه ر وا بێت ئه م دره خته ده جوڵێته وه .

خانمه كه: شتێكی جوانه دره ختێ بجوڵێته وه .

لاوه كه: دره ختێكی گوناهه ... به ته نیا هاتۆته ئێره .

خانمه كه: بڕوا نا كه م دره ختیش بتوانێت به ته نیا بژی .

لاوه كه: به ڵێ ته نیایی سه خته .. نه ك هه ر دره خت باڵنده ش ناتوانێت به ته نیا بژی .

خانمه كه: تۆ بڵێی ئه م دره خته خه ون به دره ختێكی تره وه نه بینێت ؟.

لاوه كه: بۆ نا ڕه نگه ته نیا به هۆی خه و نه وه بژی .. خه ون به دره ختێكی تره وه ( خانم و لاوه كه ته ما شای یه ك ده كه ن .. وچا نێك ) ده زانی بیر له چی ده كه مه وه ؟.

خانمه كه: نا نازانم .... له چی ؟.

لاوه كه: ڕه نگه ئه و دره خته بیر له وه بكاته وه وێنه یه ك بۆ دره ختێكی تر بگرێت ( خانمه كه پێده كه نێت ) ئه وه به چی پێده كه نیت ؟.

خانمه كه: با ڵنده یه كیش وێنه بۆ با ڵنده یه كی تر ده گرێت .

لاوه كه: ( له خانمه كه ده ڕوانێت ) پێویسته وێنه یه ك بگرین .

خانمه كه: نا وێنه ناگرین .

لاوه كه: ( به خه مباری ) بۆچی ؟. ئه ی ڕێنه كه وتین له سه ر ئه وه ی وێنه یه ك پێكه وه بگرین ؟.

خانمه كه: با به ڵام په شیما ن بوومه وه ... چونكه سێك نییه وێنه كه ی نیشان بده م .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: من ته ما شا ی ده كه م .. مه به ستم ئه وه یه  ئه گه ر رێگه م بده یت من ته ما شا ی ده كه م .

خانمه كه: ( قسه كا ن ده گۆڕێت ) جارێكیان چیروكێكی جوانم خوێنده وه ... با سی كچ و كوڕێكی

بێكه سی ده كرد ... له و خه ڵكانه بوون كه له ئه نجامی كاره ساتی جه نگه وه كه سیان

نه ما بوو .

لاوه كه: كچ و كوڕێكی ته نیا بوون وا نییه ؟.

خانمه كه: هه موو كه سو كاریان ئه نفا ل كرابوون .. كچه كه له گه ڵ خێزانێك له ئوتێلێكی وێرا نه دا

ده ژیا .. كوره كه ش هه ر شه وه ی له سه ر شه قا مێک  ڕۆژی ده كرده وه .. شه وێک بۆ

یه كه م جار له ناوراستی شا رێكی گه وره دا به یه ك گه یشتبوون . ئه و شه وه ش بۆ

نه گبه تی به فرێكی ئه ستوور باری بوو. ده زانی بیریا ن له چی ده كرده وه ؟.

لاوه كه: نازانم .. له وانه یه بیریان له دره ختێكی ته نیا كردبێته وه .

خانمه كه: نا  نا  باسی ئه وه یا ن ده كرد چۆن وێنه یه ك بگرن .

لاوه كه: ( به خۆشحا ڵی ) وێنه یه ك به یه كه وه  وا نا ؟. دوایی چی رووی دا .. وێنه یه كیا ن گرت ؟

خانمه كه: گران بوو وێنه یه ك بگرن . چه ند و چونیان له سه ر ئه وه زۆر كرد كه چۆن وێنه یه ك

بگرن .. به ڵام  ( وچانێک .. ته ما شا ی دره خته كه ده كا ت ) دوا جار شوێنێكیان شک

نه برد وێنه ی تیا بگرن .

لاوه كه: كچ و كورێكی گوناه بوون .

خانمه كه: ئه و شه وه زۆر سه رما یان بوو .. باوه شیا ن كرد بوو به یه كا تا ڕه ق نه بنه وه .. به ڵا م

لاوه كه: ( به ترسه وه ) به ڵام چی ... ڕه ق بوونه وه ؟.

خانمه كه: ( شێوازی ده نگی ده گۆڕێت .. وه ک ئه وه ی خۆی ئه و كچه بێت )  به ڵێ  له به ره به یا نا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕه ق بوونه وه . . به ڵام هه ردووكیان باوه شیان كردبوو ... ( وچانێكی د ڕێژ )

لاوه كه: دوا جار چی ڕوویدا ؟.

خانمه كه: كه ڕۆژ بۆوه خه ڵكی ها تنه ته ماشایان .. هه موو به ترسه وه ته ماشا ی ئه و دیمه نه یان ده كرد. دوایی ئه و پاركه یا ن ناو نا پاركی عا شقا ن . كۆتا ییه كه یم با ش بیر نه ماوه .. وا بزانم پێكه وه نا شتیا نن . .. له یه ک گۆڕدا .

لاوه كه: له وه ده چێ منیش شتێكی وام بیستبێت .. به ڵام ئیستا نا ... زوو .. له منا ڵیما . زۆر دڵنیا نیم ڕه نگه ئه و چیرۆكه لێره ڕووی دا بێت له م شا ره دا . ( وچا نێک ) كچ و كوره كه ببون به سه هۆڵ .. ( با وێشک ده دا .. وچا نێكی درێژ)

خانمه كه: زۆر جار ویستومه ڕۆما نێک ده رباره ی ئه و كچ و كوره بنوسم .

لاوه كه: ئه ی بۆ نه تنوسیوه ؟.

خانمه كه: ئه ترسم كه س نه یخوێنێته وه .

لاوه كه: ئه گه ر با سی ئه و كوره بكه یت كه ده یویست وێنه یه ک بۆ ده زگیرانه كه ی بگریت من ده یخوێنمه وه ... یان پێكه وه ده ینوسین .

خانمه كه: له و ڕۆمانه دا باسی زۆر شت ده كه ین ... گه لێک چیرۆكی خۆش .. سه ره تا باسی ئه وه ده كه ین كه كوره كه حه وزێكی نیشانی كچه كه دا .

لاوه كه: كوره كه به كچه كه ی گوت سه ر حه وزه كه شوێنێكی جوانه بۆ وێنه گرتن .

خانمه كه: كچه كه پێی گووت دڵنیام له وه ی له حه وزێكی وشک جوانتر هه یه .. ئیتر له سه ر حه وزه كه ڕێک نه كه وتن .. بۆیه ویستیان له سه ر كورسیه كان وێنه بگرن .

لاوه كه: كچه كه گووتی ئه مه شتێكی تازه نییه ... ئه و ژن و پیاوانه زۆرن كه له سه ر كورسی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دانیشتون . چ هونه رێک له وه دا نا بینم که له سه ر کورسی دانیشین .

خانمه که: ئیتر کوره که حه زی نه کرد له سه ر کورسی دانیشن . هه ستیان کرد له سه ر کورسیه کان لوتیان پڕ ده بێت له بۆنی خوێن .

لاوه که: هه ردوکیان گه یشتنه ئه و بڕیا ره ی دڵی یه کتر نه شکێنن .. پێیان وا بوو جوان نییه کچ و کوڕێک له سه ر کورسی دانیشن . له وه ش ناشرینتر ئه وه یه له سه ر کورسییه ک که بۆنی خوێنی لێ بێت ( وچا نێکی درێژ ) ده زانیت تا ئیستا ئا فره تم نه دیوه له سه ر کورسی دا نیشێت . ئه وه بۆ توزێک له سه ر کورسی دانانیشیت .

خانمه که: من نامه وێت له سه ر کورسی دا نیشم .. قێزم له و ئافره تا نه ش ده بێته وه که له سه ر کورسی دا ئه نیشن ( وچا نێک ) که ئا فره ت له سه ر کورسی دا ئه نیشێت کتو مت ده بێته پیاو ... یان ده یه وێت لاسایی پیاو بکاته وه .

لاوه که: که واته له سه ر کورسی دانا نیشین به تایبه تی بۆ گرتتنی وێنه که .

خانمه که: ( ته ما شای په یکه ره که ده کات ) ئه ی نزیک ئه و پیاوه چۆنه ؟.

لاوه که: ( بۆ په یکه ره که ده ڕوانێت ) ئه و پیاوه ده ڵێیت که شتێکی به ده سته وه یه ؟.

خانمه که: ڕاست ده که یت شتێکی به ده سته وه یه ( هه ردووکیان لێی نزیک ده بنه وه ) من تا ئیستا له م په یکه ره نزیک نه بوومه ته وه .

لاوه که: منیش له دوره وه ته ما شام کردووه .

خانمه که: که له ی زه لامێکی سه ربڕاوی به ده سته وه گرتوه ..

لاوه که: به ڵێ که له ی زه لامه ..

خانمه که: که له ی زه لامه که خوێناوییه ..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه: ته ما شا ئيستا ش خوێنی لێ ده ڕوات .

خانمه كه: وا بزانم به ته ور سه ری قرتاندووه .. ئه وه جێ ده می ته وره كه يه .

لاوه كه: ئه م خه ڵكه هه ميشه لێره وه ها توو چۆ ده كه ن .. تۆ ئه وه بهێنه پێش چاوی خۆت هه موو

ڕۆژێک تاوانێک له م شا ره دا ڕوو ده دا ت و كه س با كی پێ نييه .

خانمه كه: ئه گه ر ئه و خوێنه به رده وام بچۆڕێته وه ئه م شا ره ژێر خوێن ده كه وێت ( وچا نێک )

لاوه كه: كه واته وێنه ناگرين .. كوا وێنه گره كه ؟. ( بۆ ناو باخچه كه ده ڕوانێت ) وێنه گره كه چی

لێ هات ؟. ( بۆ خانمه كه ) كوا وێنه گره كه ؟.

خانمه كه: ئيستا لێره بوو .. نازانم چی لێهات .

لاوه كه: وێنه گره كه ڕويشتوه ..

خانمه كه: وێنه كه شمان نه گرت .

لاوه كه: له وه ش ده كات هه رگيز وێنه نه گرين .

خانمه كه: ئه م شاره به كه ڵكی ئه وه نايه ت وێنه ی تيا بگرين . .. ( فو ده كات به ده ستيا )

لاوه كه: سه رماته ؟.

خانمه كه: ( ده له رزێ .. لای په يكه ره كه وه شوێنێک پاک ده كاته وه و دا ئه نيشێت ) هه موو گيانم

ته زيوه ... خه ريكه ڕه ق ده بمه وه .

لاوه كه: ( پا ڵتۆكه ی دائه كه نێت ورايده وه شێنێ تاكو به فره كه هه ڵوه رێت ) پاڵتۆكه ی من له به ركه

خانمه كه: نا له به ری بكه ره وه .. تۆش وه ک من سه رماته ... له وه ده چێ هه ردوكمان پێكه وه

ڕه ق بينه وه

لاوه كه: ( هه موو گيانی ده له رزێت .. فوو ده كات به ده ستيا ...لای كچه كه وه شوێنێک

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خاوێن ده كاته وه  و دا ئه نیشێت ) با من ڕه ق ببمه وه .. حه ز ناكه م تۆ ڕه ق ببیته وه

(خانم ولاوه كه ته ما شای یه كدی ده كه ن . پا ڵتۆكه ده ده ن به سه ر خۆیا ندا و توند باوه ش

ده كه ن به یه كدا .. هه موو سه ر و قژیان به فر دا یدا پۆشێت )

لاوه كه:  ئه گه ر ڕه قیش ببمه وه خه مم نییه چونكه تۆم له گه ڵایت .

خانمه كه: (دانه چۆقێی پێده كه وێت ) خه ریكه دڵم ده بێته شه خته ( چا ویلكه كه ی دا ئه نێت )

ته ما شا ی شوشه ی چا ویلكه كه م به ستویه تی .

لاوه كه: ( زیاتر كچه كه به خۆیه وه ده نوسێنێت ) منیش خه ریكه دڵم سست ده بێت .

خانمه كه: وێنه كه مان نه گرت .. له گه ڵ ئه وه شا خه می پێ نا خۆم چونكه تۆم له گه ڵیت .

لاوه كه: ئیتر بیر له وێنه كه مه كه ره وه .. بیر له شتێكی تر بكه ره وه ..

خانمه كه: له چی ؟.

لاوه كه: ڕه ق بوونه وه ..

خانمه كه: ئه زانم پێكه وه ڕه ق ده بینه وه

لاوه كه: ئه مه له چیرۆكه كه ده چێت .

خانمه كه: كام .. چیرۆكی كچ و كوره كه ؟.

لاوه كه: به ڵێ .. به ره به یانی خه ڵكی شارلێمان كۆ ده بنه وه ... دڵنیام لێمان كۆ ده بنه وه .

خانمه كه: تۆ بڵێیت پاركه كه نا و بنێنن پاركی عا شقان ؟.

لاوه كه: نازانم .. من ئه وه م به لاوه گرنگ نییه .. ئه وه چی له رۆحی ئه م ڕۆژگاره دڵبه ردینه

ده گۆڕێت ؟. بیر له هیچ مه كه ره وه ...

خانمه كه: توند به خۆتمه وه بگوشه ... دڵم خه ریكه ده وه ستێت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاوه كه خانمه كه توند تر به خۆيه وه ده گوشێت ... خانمه كه چا ويلكه كه ى لێ ده كه وێته خواره وه . به فره كه تا بێت زياد ده كات .. خانم و لاوه كه له ناو به فره كه دا به حال به ده ره وه ن . ده نگيان لێوه نايه ت . .. نا جوڵێنه وه .. هه نا سه ش نا ده ن .. له وه ده كا ت ڕه ق بوو بێتنه وه .

19/06/1998

سلێمانى

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com